# حوکمی دەرکردنی زەکات لەبری کەسێکی تر بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لێی

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**موفتی : شێخ عەبدولعەزیز بن باز**

**وەرگێڕان : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوە : پشتیوان سابیر عەزیز**



2010 - 1431

islamhouse.com

# حكم إخراج الزكاة عن الغير بدون إذنه

« باللغة الكوردية »

إفتاء : عبد العزيز بن عبد الله بن باز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

2009 - 1430

islamhouse.com

# حوكمی دەركردنی زەكات لەبری كەسێكی تر بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لێی

ئەم پرسیارە لە شێخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) كرا :

من دەهەزار ڕیاڵم بەقەرز دابەكەسێكی تر وساڵێك بەسەریدا تێپەڕی كرد، ئەو كەسەش لەلایەنی خۆیەوە و لەباخەڵی خۆی بەبێ ئەوەی پێشتر هیچ مەرجێك لەنێوانماندا هەبێت هەستا بەدەركردنی زەكاتی ئەو پارەیەی من و پاشتر هەواڵی پێدام منیش ڕەزای بووم بەوكارەی، ئایا ئەو زەكاتە لە گەردن و ذمەتی من دەرچووە ودروستە ؟

وەڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) بەم شێوەیە بوو :

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان ، سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود ورەحمەتی فراوانیش بۆ سەرگیانی محمد المصطفى و سەرجەم ئال وبەیت وهاوەڵە بەڕێزەكانی وئەو كەسانەش كە هیدایەتی پەروەردگاریان وەرگرتووە .

دەركردنی زەكات عیبادەت وپەرستنەو هۆكارێكە بۆ لەخودا نزیك بوونەوە، لەبەر ئەوە پێویستی بە نیەتی ئەو كەسە هەیە كە زەكاتەكە دەردەكات، جا ئەگەر كەسێك لەبری كەسێكی تر زەكاتی ماڵی ئەو كەسەی دەركرد جا ئەو ماڵە قەرز بێت لای یان ئەمانەت و سپاردە بێت، یان هەر شتێكی تر، لەسەر ئەم مەسئەلەیە زانایان وئەهلی عیلم ڕای جیاوازیان هەیە، ئەمیش لەسەر مەسئەلەی تەصەڕوفی كەسی فزوڵی بنیات نراوە، كە بریتی یە لەتەصەڕوف كردن لەماڵێكی كەسێكی تردا بەبێ پرسی خۆی، هەندێك لە زانایان پێیان وایە كە دەركردنی ئەو زەكاتە دروستە وواجب لەگەردنی ئەو خاوەن ماڵە لادەبات ئەگەر خاوەن ماڵەكە ڕێگای پێدا، وە هەندێكی تر لەزانایان پێیان وایە دروست نیە و ئەو واجبە لەسەر كەسی خاوەن ماڵ لانابات، چونكە دەركردنی زەكات پێویستی بەوە هەیە كە نیەتی لەگەڵدا بێت، جا كەوا بوو بۆ ئەم پرسیارەی بەڕێزت ڕای ڕۆشن لای زۆرێك لە زانایان ئەوەیە كە دروست نیە لەبری ئەو كەسە زەكاتی ماڵەكەی دەربكرێت وواجبی دەركردنی زەكاتیشی لەسەر لاناچێت، چونكە ئەم كەسە هیچ پرس و ڕاوێژێكی بەخاوەن ماڵەكە نەكردووە، ورەزامەندی لێوەرنەگرتووە، بەڵكو خۆبەخشانە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی زەكاتەكەی بۆ دەركردوە، جا لەبەر ئەوە ئەو كەسەی كە زەكاتەكەی بۆ دراوە باشتر وایە بۆ دینی خۆی زەكاتەكە جارێكی تر دەربكاتەوە و بەدەركردنی ئەو كەسە واز نەهێنێت، خۆ ئەگەر جارێكی تریش زەكاتەكەی دەرنەكردەوە ئەوە لەسەر ڕای كۆمەڵێك لەزانایان دروستە و واجبەكەی لەسەر كەوتوە، چونكە ئەو كەسە خۆی ڕەزامەند بوە لەسەری وئیزنی داوە، بۆیە دەبینین ئەو كەسەی پرسیارەكەی كردوە ووتویەتی : ( ئەو كەسە هەستا بەدەركردنی زەكاتی ئەو پارەیەی من و پاشتر هەواڵی پێدام منیش ڕەزای بووم بەوكارەی ) واتە پاش دەركردنی زەكاتە ڕەزامەند بوو لەسەری، وەك ئەوەی كە ڕەزامەندێكی نوێ بووە، بەڵام ئەوی تر واتە قەرزارەكە بەبێ پرسی خاوەن ماڵەكە

زەكاتەكەی دەركردوە، وەك ئەوەی وای زانیبێت كە خاوەن ماڵەكە سوپاسیشی دەكات لەسەر كارێكی لەو شێوەیە، چونكە ئەم كارەی ئیحسان وچاكەیە و پاشتر ڕازی دەبێت لەسەری، هەر لەبەر ئەمە لەسەرەتاوە داوای ڕەزامەندی لێ نەكردوە، یان ترساوە لەوەی ئەگەر داوای رەزامەندی لێ بكردایە ڕازی نەبوایە و ڕێگری بكردایە، هەر بۆیە ئەمیش حەزی كردوە لەبەر ئەوەی ئەو پیاوەتیەی لەگەڵدا كردوە كە قەرزی داوە پێی ئەمیش ئەم ئیحسان وچاكەیەی لەگەڵدا بكات و زەكاتەكەی بۆ دەربكات، پێغەمبەریش ( صلی الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ( إن خيار الناس أحسنهم قضاء) واتە : باشترین خەڵكانێك ئەو كەسانەن كەقەرزەكانیان بەجوانرتین شێوە دەدەنەوە، والحاصل هەندێك لەزانایان دەڵین دروستە و واجبەكەی لەسەر دەكەوێت وپێویست ناكات جارێكی تر زەكاتەكەی بداتەوە، ئەگەر پاشتر رەزامەندی نواند، بەڵام هەندێكی تر لەزانایان دەڵین دروست نیە و واجبەكەی لەسەر ناكەوێت چونكە پێویستی بە نیەت هەبووە دەركردنی زەكاتەكەش نیەتی خاوەنەكەی لەگەڵدا نەبووە، یان ڕەزامەندی پێشتریشی نەنواندوە تا ئەم كەسە وەكیلی بێت بۆ دەركردنی زەكاتی ماڵەكەی .

خوای گەورە لەهەموو كەس زاناتر و شارەزاترە .

سەرچاوە : ماڵپەری شێخ عبد العزيز بن باز، بەرنامەی ( نور على الدرب )